# گەلۆ ئەوە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بوو 2 ی ڕێبەندانی بێ دەنگ کرد؟

گۆڤار احمد

بەتایبەتی لەم مانگەی دواییدا گفتوگۆی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە بەرنامەی ناوکی ئێران بەتەواوی لەهەڵچووندان. بۆ نمونە لەڕێکەوتی 18 ی ئەم مانگە خافێر سولانای بەرپرسی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکیەتی ئەورپا گوتی: دڵنیام کە بەپشتیوانی چین و ڕوسیا دۆسیەی بەرنامەی ناوکی ئێران ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین. بەڵام ناوبراو ئەوەشی گوت کە ئەوان بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارە چاوەڕوانی ئاکامی کۆبوونەوەی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتیش دەکەن کە پلان وایە لەڕێکەوتی 2006/2/2 لەڤیەنای پایتەختی نەمسا ببەسترێ. چەند کاتژمێر بەر لەلێدوانی سولانا کۆڵن پاوڵ وەزیری بەرگری پێشووی ئەمریکاش لەناوەڕۆکی دیدارێکیدا گوتبوویی: ئەمەریکا سورە لەسەر ناردنی دۆسیەی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. هەر لەهەمان ڕۆژدا واتە لەڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوودا ئادام ئارلی، قسەکەری سیاسەتی دەروەی ئەمەریکاش گوتبوویی: پەیماننامەکانی سەبارەت بەناردنی دۆسیەی بەرنامەی ناوکی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەمێکە ئەنجام دراون.

بەڵێ بەهەمووی دوو ڕۆژ بەرلەو قسانە ڤلادیمیر پۆتینی سەرۆکی ڕوسیاش بەشێوازێکی پەرت و بڵاو، وەلێ بەناوەڕۆکێکی ئاشکرا لەهەمبەر ئانگلا مارکلی سەرۆك وەزیری تازە هەڵبژێردراوی ئەڵمانیا لەروسیا گوتبوویی: سەبارەت بەکێشەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، ڕوسیا پشتگیری لەهەموو جۆرە بڕیارێکی ئەمەریکا و ئەوروپا دەکا. هەر لەهەمان ڕۆژدا هیندستانیش ڕایگەیاند: لەبەر ئەوەی پلانی18 ساڵی بەرنامەی ناوکی ئێران شاراوە بەڕێووە چووە، بۆیە پێویستە دۆسیەکە بدرێتە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی. وەك هەمووڵایەك لێی ئاگادارین کۆبوونەوەی لەندەنیش کە بەبەشداری وەزیرانی دەروەی فەرەنسا، ئەڵمانیا، بریتانیا، ئەمریکا، ڕوسیا و چین، بەڕێوەچوو، بۆ هەمان مەبەست بوو.

ڕۆژەك دوای ئەوە واتە لەڕێکەوتی 19 ی ئەم مانگەدا هەواڵێك لەژێر ناونیشانی لەم حاڵەتەدا ئەمەریکا و ئەوروپا هیچ دانوسانێك لەگەڵ ئێراندا ناکەن، بڵاوکرایەوە. بەڵێ ڕۆژی پێنج

شەمەش خاڤ سۆلانای بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا جارێکی دیکە قسەی کرد و، ئەمجارەیان لەگەڵ کۆندالیزا ڕایسی وەزیری دەرووەی ئەمەریکا لەدوای کۆبوونەوەیەکیان لەواشنتۆن ڕاپانگەیاند: کە لەم کەین و بەینەدا و بەگوێرەی ئەم هەڵوێستەی ئێران، ئەوا ئەنجامدانی هەر دیدارێك لەگەڵ ئێران بێ واتا دەبینن.
ئەمڕۆش یەکێك لەقسەکەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەوروپی کە نەی خواست لەم کاتەدا خۆی بناسێنێ گوتی: لەوانەیە لەم بارەیەوە روسیا ڕووبەڕووی هەڵوێستی ئێمە ببێتەوە. ئەڵبەتە هەڵوێستی ئەوان مەبەست لەڕەوانەکردنی دۆسیەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان. هەروەها دیبلۆماتە ئەوروپیەکە لایەنە قانونیەکەی مەحکوم کردنی ئێرانیشی بەبیرخستەوە، واتا ناوبراو گوتی: لەبەر ئەوەی ئێران وەکوو وڵاتێکی مەترسیدار بۆ سەر ڕای گشتی جیهانی ناسراوە، ئیدی بۆیە دەشێ ئەو وڵاتە بەگوێری بەندی 7 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانیش مەحکوم بکرێ. شایەنی باسە ناوەڕۆکی بەندی 7 یش بریتیە لەگەمارۆدانی توند و، ئەگەر پێویست بکا دەستێوەردانی سەربازیش دەگرێتەوە. هەروەها ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا سورن لەسەر دەرخستنی بڕیارێکی لەم جۆرە.
بەڵێ لەگەرماوگەرمی بەڕۆژەڤ بوونی لێدوانەکانی ئەو قسەکەرەی ئەوروپیدا نامەی کاربەدەستانی ئێرانیش بەدەست وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا فرانك ڤالتەر گەیشت، کە تیایدا ئێرانیەکان دەڵێن: ئێمە پێشنیاری ڕوسیامان پەسەندە و، فەرموون با دەست بەدیدارەکانمان بکەین. شایەنی باسە کە کورتەی ناوەڕۆکی گەڵاڵە پێشنیاری ڕوسیاش بریتیە، لەبەرێوەچوونی بەرنامەی ناوکی ئێران لەسەر خاکی ڕوسیا. بەڵام ئێران پێشتر هیچ وەڵامێکی لەم گەڵالە پێشنیارەی نەدابۆوە.
لەلایەکی دیکە ئیسرائیلیش سەرلەنوێ ئێرانی لەم باریەوە هۆشیار کردەوە. لەم بارەیەوە شاول موفازی وەزیری بەرگری ئیسرائیلیش گوتی: بەپلەی یەکەم گرنگی بەڕێبازی دیلۆماسی دەدەین، وەلێ ئەگەر بێ ئەنجام بوو، ئەوا ئامادەی هەر جۆرە هەڵوێستێکی دیکەشین.

جا گەلۆ بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی کورد لەم گفتوگۆیانەدا چییە؟.
پێم وایە کە وەڵامەکەی زۆر ئاشکرایە. بەڵێ بەرژەوەندی کورد لەم گفتوگۆیانەدا بەگەڕخستنی جموجۆڵی سیاسی کوردە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. چوونکە ئێران لەم قۆناخە

مەترسیدار و هەستیارەدا مەگەر کلاوی خۆی بگرێ تا با نەی با. بەکورتی پێویستە لەم قۆناخەدا ئێران مل بۆ زۆر لەخواستەکانی کورد شۆڕبکا. واتا پێویستە بەتایبەت لەم قۆناخەدا ئێران جەسارەتی ئەوەی نەبێ دەست لەکاروباری ناوخۆی کوردان وەربدا.

وەلێ مخابن کە هێشتا بالای سیاسەتی کوردی لەم ئاستەدا نییە کە لەم گفتوگۆیانەی لەمەڕ بەرنامەی ناوکی ئێران تێ بگا. ئەگینا بەبۆنەی 2 ی ڕێبەندانەوە کە دەکاتە 60 مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەشاری مهابادی خۆشەویست، دەکرا سەرەتای قۆناخێکی تازەی خەبات دەستی پێ بکردایە. هەرچەندە کەمێك ئامادەکاریش بۆ ئەو مەبەستە کرابوون، بەلام دیار نییە چەندە بەزانایی و هەستیاریی بوون، کەچی ئەویش پوچەڵ کرانەوە. بەڵێ فیستڤاڵی پیرۆزکردنی 2 ی ڕێبەندان کە پێویست بوو لەهەولێر و بەبەشداری ژمارەیەکی زۆری میوانانی هەر چوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەڕێوە بچێ کەچی هەڵوەشا. بەرهەر حاڵ هیوادارم کە پوچەڵ کردنەوەی ئەم بڕیارە مەزن و پیرۆزە لەسەر داواکاری سەرانی کۆماری ئیسلامی نەبووبێ و، کێشەی دیکەی لەپشتەوە بن. ئەگینا دووبارە کلکایەتی سەرانی کورد بەڕژێمە کۆنەپەرست و گۆشەگیرکراوەکان دەبێتەوە ڕۆژەڤی گفتوگۆکان، کە ئەویش بەبێ ئەملا و ئەولا هەنگاوێکی مەزنە بۆ دواوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بێتوو بەم یەکە بزانن، ئەوا لەوانە خودی ئەمەریکا و ئەوروپیەکانیش لێمان زویر ببن. کە ئەمەیان مەترسیەکی یەکجار مەزنە چوونکە نە مام جەلال و نەکاك مەسعود هیچ بەرنامەیەکی وایان نییە کە بتوانن بۆ تەنها چەند سەعاتێکیش بەبێ پشتگیری ئەو هێزانە خۆیان ڕابگرن. لەکۆتاییدا هیوادارم کە حکومەتی یەکگرتوویی کوردستان بتوانێ ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە.